پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک نوێژی بکردایە نێوان هەردوو دەستی بڵاو دەکردەوە؛ هەتاوەکو سپێتی بن باڵی دەردەکەوت

لە عبداللەی کوڕی مالیکی کوڕی بوحەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک نوێژی بکردایە نێوان هەردوو دەستی بڵاو دەکردەوە؛ هەتاوەکو سپێتی بن باڵی دەردەکەوت».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سوجدەی ببردایە بۆشایی زۆری دەخستە نێوان دەستەکانی لەکاتی سوجدە بردندا ؛ هەریەکێك لە دەستەکانی دوور دەخستەوە لەو بەشەی لاشەی کە لێیەوە نزیکە، وهەتا سپێتی بن باڵی دەردەکەوت ئەمیش ئاماژەیە بۆ زێدەڕۆیی لە دوورخستنەوەی باڵەکان لە تەنیشتەکانی لاشە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3220